سەرۆک کۆماری عێراق: پیرێزبایی جێژن لە هەموو عێراقییەک دەکەم

عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراق، ئەمڕۆ شەممە بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان پیرێزبایی لە گەلی عێراق کرد و جەختی لە گرنگی هاودەنگیی نێوان هاووڵاتیان و کارکردنی هاوبەش بە چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و باشترکردنی ئاستی ژیان کردەوە.

سەرۆکایەتی کۆماری عێراق لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاوی کردەوە، سەرۆک کۆمار عەبدلەتیف جەمال ڕەشید، بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆز پەیامێکی بڵاو کردووەتەوە تێیدا ، پیرێزبایی ئاراستەی خەڵکی عێراق و تەواوی موسڵمانانی وڵاتانی ئیسلامی دەکات، لە خودا دەپاڕێتەوە کە "بە خۆشی و بەرەکەت بیگەیەنێتەوە بە عێراق و گەلەکەی.